نەتەنیاهو بە قەتەر : تیرۆرستان دەربکەن ئەگەرنا ئێمە ئەو کارە دەکەین

بنیامین نەتەنیاهو سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل پەیامێکی ئاراستەی قەتەر کرد و ووتی "قەتەر و هەمو ئەو وڵاتانەی کە تیرۆریستانیان داوەدە دەدەن، دەبێت تیرۆرستان دەربکەن ئەگەرنا ئێمە ئەو کارە دەکەین".

بنیامین نەتەنیاهو لەپەیامێکدا رایگەیاند، "سبەی 11ی (ئەیلول)ە، 11ی ئەیلولمان لەبیرە، لەو ڕۆژەدا تیرۆریستان خراپترین دێندەییان لەسەر خاکی ئەمریکا ئەنجامدا لەدوای دامەزراندنی ئەمریکاوە".

وتیشی، "ئەمەش 11ی ئەیلولمان هەیە کە ئەویش 7ی ئۆکتۆبەرە و لەبیرمانە، لەو ڕۆژەدا تیرۆریستان خراپترین دێندەییان بەرامبەر گەلی جولەکە ئەنجامدا لە دوای هۆلۆکۆستەوە".

ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەمریکا لە دوای 11ی ئەیلول چی کرد؟ بەنیدا بەدواداچون بۆ ئەو تیرۆریستانە بکات کە ئەم تاوانە قێزەونەیان ئەنجامداوە لە هەر شوێنێك بن، دوای دو هەفتە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیارنامەیەکی دەرکرد کە تێیدا هاتبو حکومەتەکان ناتوانن تیرۆریستان داڕدە بدەن".

نەتەنیاهۆ دەشێت، "دوێنێ ئەمەش بە هەمانشێوە مامەڵەمان کرد، بەدوای ئەو داڕۆژە تیرۆریستانەدا کەوتین کە کەمەڵکوژییەکەی 7ی ئۆکتۆبەریان ئەنجامدا و ئەوەمان لە قەتەر کرد کە پەناگەیەکی سەلامەت دابین دەکات و تیرۆریستان داڕدە دەدات، پارەی حەماس دەدات، ڤێلای لوکس دەدات بە سەرکردەکانیان و هەمو شتێکیان پێدە بەخشێت".

ئ

جەختیشیکردەوە، ئێستا وڵاتانی جۆربەجۆری جیهان سەرکۆنەی ئیسرائیل دەکەن، پێویستە شەرم لەخۆیان بکەن، دوای ئەوەی ئەمریکا ئوسامە بن لادنی لەناوبرد، چییان کرد؟ ئایا وتیان چ شتێکی ترسناك بەسەر ئەفغانستان یان پاکستاندا هات؟ نەخێر، چەپڵەیان لێدا، پێویستە دەستخۆشی لە ئیسرائیل بکەن کە پابەند بوە بە هەمان بنەماکان و جۆبەجێکردنی".

باسی لەوەشکردوە، "بە قەتەر و هەمو ئەو وڵاتانەی کە تیرۆریستانیان داڕدە دەدەن دەڵێم: یان دەریان بکەن یان دادگاییان بکەن، چونکە ئەگەر ئەوە نەیکەن، ئەمە دەیکەین".